پۆرتـرێـت

تۆ نە بە گزنگی خۆر و نە بە تریفەی مانگ..شاگەشکە نابیت..

تۆ بۆ چنگێ ئاڵتون کڕنوش دەبەی

تۆ خۆت نیت .. تۆ پارە و پوول و چەکی نێو بانقی شاریت

تۆ کۆمەڵێ دوکان و مەیخانە و موڵك و عەقاریت ..

تۆ هەم پەرستگا و هەم بارِیت

تۆ خاوەنی زۆر شتیت ..

وەلێ هەرگیز خاوەنی –خودی- خۆت نیت

دەفتەرە چکۆلانەکەی بەرباخەڵت ..

پڕە لە ژمارەی تەلەفوونی گەوادەکان..

چیرۆکی پرۆژە ڕەشەکان

ژمارەی زۆر

+ کۆکردنەوە

÷ دابەش کردن

- لێدەرهێنان

تۆ خۆت نیت .. تۆ کۆمەڵێ ژمارەی

دەنگ و ڕەنگ و بۆنی پارەی

دوێنێ قۆڵقۆ .. ئیمڕۆ جامپۆ .. سبەی سووپەر

تۆ زۆر شت لە خۆتا دەگۆڕیت

وەلێ تۆ خۆت .. قەت ناگۆڕێی ..

دەشێ رۆژێ دونیا بکڕیت ..

بێ ئەوەی کە بزانیت خۆت دەفرۆشیت

تۆ زۆر گرەوت بردۆتەوە

بەڵام گەمژە .. کەی دەزانیت خۆت دۆڕاویت ..؟

تۆ شەوانە .. لە مەیخانە سەرخۆش و ڕۆشنەکانا

لەبری مەی .. خوێنی شەهادەتی هەزارەها ..

ئارەقەی مەینەتی ملیۆنەها دەخۆیتەوە

لەبری خەل ...

بە فرمێسکی بێوەژنە کۆست کەتووەکان

مەزەکەت خۆش دەکەیتەوە.

گەلاوێژی 1984